شرفکندی. عبدالرحمن. ۱۳۰۰ ـ ۱۳٦۹.
بۆ کوردستان / عبدالرحمن شرفکندی «هەژار». ـ سنندج: هەژار. ۱۳۸۵.
ISBN: 964 - 7573 - 08 - 1
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کردی.
۱. شعر کردی ــ ایران ــ قرن ۱۴. الف. عنوان.
۴ ش ۷۴۳ س / PIR ۳۲۵٦ ۹/۲۱ فا ۸
ب ۴۱۹ ش
کتابخانه ملی ایران ۸۲ـ۳۷۲۰۴ م

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

انتشارات هەژار

ناسنامه :

**هەژار بۆکوردستان**

ویراستار (ادیتور): ماجد مەردۆخ ڕۆحانی
هەڵەگری: ڕەفێق سالحی ـ ئەفشین بەهاریزەڕ
ڕووبەرگ: حەمید ڕەزا زەڕڕی
پیت چن: ئاشنا، سنه
نۆبەتی چاپ: شەشەم
ئەژمار: ۳۰۰۰ دانه
نرخ: ۴۵۰۰ تمەن
شابک : ۱ ـ ۰۸ ـ ۷۵۷۳ ـ ۹٦۴
بڵاوکراوەی : بڵاوگەی هەژار
سنه ـ پاسازی عیزەتی ـ نهۆمی یەکەم ـ تلفاکس : ۰۸۷۱ـ۲۲۵۳٦۲۵
E-mail:hazharbooks@yahoo.com - WWW.hazharbooks.com

# ناوەرۆک


پێشەکی بۆ سێهەمین چاپ ........... نۆ
بوێژی رووت چکارەیە؟............ دە
بەسەر چڵی تۆزێک لە بەسەرهاتەکەم.... دە
ئەو جار پارتی ............... دوازدە
پێشەکیەک بۆ چاپی دووهەم....... حەڤدە
پێشەکیەک بۆ چاپی یەکەم... بیست و یەک


## بەشی یەکەم


لای لایێ.................... ١
کوهستان ..................... ٤
خاکە لێوە..................... ٥
بانەمەڕ........................ ٥
جۆزەردان ..................... ٥
پووشپەڕ........................ ٦
گەلاوێژ.......................... ٦
خەرمانان ........................ ٦
ڕەزبەر.......................... ٦
خەزەڵوەر........................ ٦
سیخوار ......................... ٦
بەفرانبار ........................ ٧
ڕێبەندان.......................... ٧
ڕەشەمە ........................... ٧
سروود بۆ پێشمەرگە ............... ٧
سروودێک ......................... ٨
هەژار ئامۆژگاری شێرکۆی کوری خۆی دەکا.. ٩
غەزەل............................ ١١
دیسان غەزەل...................... ١١
خێوی گوڵ و وەنەوشە ............. ١٢
هەر کوردم ....................... ١٣
نامرادێک ........................ ١٣
خۆشیی دوا رۆژ..................... ١٤
لە خۆتم بپارێزە ................... ١٦
بانگی شەڕ لە مارسەوە ............. ١٧
تابووتی زۆردار .................... ١٨
مەی (١)........................... ٢٠
مەی (٢)........................... ٢١
سەرما و بەهار ..................... ٢١
سەلام ئازاد بوون ................... ٢٣
کورد بێکەس نیە .................... ٢٥
نەشمیل............................ ٢٦

سوێندێکی گەورە ........ ٢٨
شۆڕشی خۆکرد ........ ٣٠
نامە بۆ وارشەو ........ ٣١
پەیام بۆ ماو ماو ........ ٣٣
سروود ........ ٣٥
من و بولبول ........ ٣٦
زەماوەندە ........ ٣٧
سەیرانکەر ........ ٣٩
سەمای دارانە ........ ٤٠
بەزمی باڵدارانە ........ ٤٠
بەمراد گەیشتنی بولبول ........ ٤١
جوێ بوونەوە ........ ٤٢
چەند جوانە ........ ٤٢
جێی ئازایان ........ ٤٣
هێندێک لە پاڵەوانەکانی ........ ٤٤
هێندێک لە بوێژەکانی ........ ٤٤
گوڵی سەرچڵ ........ ٤٤
ئاخ لە بەختی ڕەش ........ ٤٥
فریو درام ........ ٤٥
خەیاڵ ئەکەن ........ ٤٧
شۆڕش ئەکەم ........ ٤٨
جا نۆرەی بەزمە ........ ٤٩
لەکوێ و لەکوێ ........ ٤٩
چیان لە بەرایە ........ ٥٠
جل و خشڵی کیژان ........ ٥١
چەند جۆر هەڵپەرکێ ........ ٥١
بەزم گێرەکان ........ ٥٢
هەی لەو گۆوەندە ........ ٥٢
دەبینەوە هاواڵ ........ ٥٣
ئەمەش بەستەکەیە ........ ٥٣
سروودی ئاشتی ........ ٥٤
شەوێک لە زیندان ........ ٥٥
تەڵقین بە کوردی ........ ٥٧
فرمێسکی هەژارێک ........ ٥٨
دەمەتەقەی پیرۆت و بایز ........ ٥٩
سپۆتنیک ........ ٦١
جووچک و سپۆتنیک ........ ٦٣
پەڵە هەورێک ........ ٦٤
چەپکە گوڵێک ........ ٦٧
دەمەتەقەی بایز و پیرۆت ........ ٦٩
وەرام بۆ کچێکی سۆڤیەتی ........ ٧١
پیرۆزبایی ........ ٧٢
پاڵەوانێک ........ ٧٣
شەیتان دەڵێ ئامین ........ ٧٥
ڕۆژێکم هەیە ........ ٧٧
پەیکێک ........ ٨٤
لکە زەیتوون ........ ٨٧
پێشکەش ........ ٨٨
ئاواتەخوازی ........ ٨٩
وەڵامێک بە شەماڵدا ........ ٨٩

له دەمی نەهەنگا .............. ٢١٧
حەللەق و مەللەق.............. ٢١٩
مەتەڵ.................. ٢٢١
بۆ کتێبی سەرەتایی............. ٢٢١
دایک و باب.............. ٢٢٢
یاری .................. ٢٢٢
سەعات.................. ٢٢٢
بەهار .................. ٢٢٣
سروود.................. ٢٢٣
سروود.................. ٢٢٤
سروود.................. ٢٢٥
قۆناغەکانی ژیان ............ ٢٢٥
مادە تاریخم بۆ عەبدوڵای برای کاک بەدیع
نووسیوە................ ٢٢٦
کە لە سەر کێلەکەی هەڵکەنن....... ٢٢٦
کۆڕی زانیاری کورد ........... ٢٢٧
دەمەتەقەی باپیر و پیرۆت.......... ٢٢٧
دەمەتەقەی قۆیتاس و پیرۆت......... ٢٢٩
تاکەی؟ ................. ٢٣١
شینگێڕی ................ ٢٣٤

**بەشی دووهەم**

**لە ئەدەبیاتی بێگانە**

کەر و گا ................ ٢٣٧
کەری کوڵ................ ٢٣٨
زەنگی مشکان .............. ٢٣٩
کەوە شەلە ................ ٢٤٠
هەویری بەموو.............. ٢٤١
ڕێوی بەفیشاڵ.............. ٢٤١
ملی درێژ مێژووە............. ٢٤٢
داوەڵ.................. ٢٤٢
دەرسی بەچەپۆک............. ٢٤٣
سواری مار ............... ٢٤٤
کەری بێگار ............... ٢٤٥
پەشیمانی پینەیە ............. ٢٤٦
کوردستان بەهەشتە ............ ٢٤٨
دەمی نایگاتێ .............. ٢٤٨
هەر تیرەیەکن.............. ٢٤٨
درۆ بە درۆ ............... ٢٤٩
بەلاف پێک نایە ............. ٢٥٠
وێرانەیە یان ماڵە؟............. ٢٥٠
هەڵە لە چیدایە؟.............. ٢٥٠
سەرچاوە سوێرە.............. ٢٥١
هاواری لەسەرە.............. ٢٥١
دزی جادوو ............... ٢٥٢
باوکی.................. ٢٥٣
لە مەرد ئەگەڕێ ............. ٢٥٣
ژن و سەماوەر.............. ٢٥٤
ئەوینی گەورە.............. ٢٥٤
چاکە لەگەڵ خراپان............. ٢٥٥

مشک و مێروو ............ ٢٥٥
کرمی ناوخۆ ............ ٢٥٦
پشوو درێژ ............ ٢٥٦
جێ ژووان ............ ٢٥٧
ئایەتی گۆپاڵ ............ ٢٥٧
بایەک ............ ٢٥٧
ڕێوی و کەڵەشێر ............ ٢٥٨
ڕەقە و مراوی ............ ٢٥٩
مێشک و دڵی نیە ............ ٢٦٠
قەل و کەو ............ ٢٦٠
کەر بۆ سەر زەماوەند ............ ٢٦١
خێگەی بەری نادا ............ ٢٦١
گورگ و بەرخ ............ ٢٦١
کەر و کەوڵەشێر ............ ٢٦٢
قەل و بولبول ............ ٢٦٢
گریان نەک نان ............ ٢٦٣
بیخە زمانم ............ ٢٦٤
لە بەهاری نەهاتوو ............ ٢٦٤
تووتی کەچەڵ ............ ٢٦٥
ورچی نەکوژراو مەفرۆشە ............ ٢٦٦
دۆستی نەزان ............ ٢٦٦
کەر بە لاحەول ناژی ............ ٢٦٧
ئەگەر ............ ٢٦٨
ژوانێکی دوور ............ ٢٦٨
ورگە مەڕ ............ ٢٦٩
هەڵەی زمان ............ ٢٦٩
شۆربا و پشکەڵ ............ ٢٦٩
لەچەر و تاژی ............ ٢٧٠
لە دڵی نەداوە ............ ٢٧٠
کونە کۆتر ............ ٢٧٠
کێ زاناترە؟ ............ ٢٧١
کەمی لەبیرە ............ ٢٧١
ڕاست و درۆ ............ ٢٧١
دلۆ بەدەهۆڵ ............ ٢٧١
ڕیش هەڵتەکێنە ............ ٢٧٢
گۆڕە یان ماڵە ............ ٢٧٣
چ دەبارێ ............ ٢٧٣
ئیستر باج نادا ............ ٢٧٤
گزی هێزە ............ ٢٧٤
فیل لە تاریکی ............ ٢٧٥
لە «سەراجەدین»ەوە ............ ٢٧٦
لە «مەلا ئەبوو بەکر»ەوە ............ ٢٧٦
لە کێلی قەبری «ئەبوو عەلای مەعەڕڕی»
نووسراوە ............ ٢٧٦
لە عەرەبیەوە ............ ٢٧٦
هاواری زۆر لێکراو ............ ٢٧٧
خواوەندی جوانی ............ ٢٧٩
ژوان ............ ٢٧٩
کەرستەی ژن ............ ٢٧٩
بۆق و گامێش ............ ٢٨٠
مێزەری مەلا ............ ٢٨٠
دەبوو بیزانیبا ............ ٢٨١

ڕەنج و گەنج ........... ٢٨١
دەرمانی دەباغ ........... ٢٨٢
تاوانی میرە ........... ٢٨٢
فریشتە ........... ٢٨٣
هەژار هەر هەژارە ........... ٢٨٣
کەروێشکاوا ........... ٢٨٤
هەڵۆ هەر بەرزە ........... ٢٨٥
خۆی خۆشتر دەوێ ........... ٢٨٨
خێوی گوڵ و فرمێسک ........... ٢٨٨
خێو ........... ٢٩٠
لە ئەبو نەواسەوە ........... ٢٩٠
فرمێسکی هەتیو ........... ٢٩٠
لە نازانم کێوە ........... ٢٩١
بەشی سێهەم ........... ٢٩٣
بەیتی سەرەمەڕ ........... ٢٩٣

## بەشی سێهەم
## گەپ و گاڵتە

کاوێژی لە مێژینەیەک ........... ٣٢٣
ڕەمەزان‌نامە (١) ........... ٣٢٣
ڕەمەزان نامەی (٢) ........... ٣٢٥
لێفە شڕە ........... ٣٢٦
سمێڵ بابڕ ........... ٣٢٧
تێهەڵکێشی شیعری حافزی شیرازی ... ٣٢٨
الا یا ایها الساقی ........... ٣٢٨
من جرب المجرب ........... ٣٢٩
نەپسێنی! ........... ٣٢٩
تێهەڵکێشی تاهیرەی مەلا باب (قرةالعین) ٣٢٩
ئەگەر ئاوها نەکەم چ بکەم؟ ........... ٣٣٠
ژارگەی ماران ........... ٣٣١

## بەشی چوارەم
## بە یادی تۆ دەژی دڵم

بارزانی نامرێ ........... ٣٣٦
هەر شەو نابێ ........... ٣٣٨
ڕۆژی کورد ........... ٣٣٩
ڕێبەری نەمر ........... ٣٤١
نموونەی هونەر ........... ٣٤٢
بە یادی تۆ دەژی دڵم ........... ٣٤٤
بە یادی بارزانی ........... ٣٤٥
ئەستێرەیەکی گەش ........... ٣٤٨
شابازی چیا ........... ٣٥١
خوایە بەس نەبێ ئیتر ........... ٣٥٢
کورد لە فەرموودەی تۆ ناگا ........... ٣٥٥
وەک بارزانی نابێتەوە ........... ٣٦١
بۆ کاک ئیدریس ........... ٣٦٣
گوڵی خانەدانی بارزان ........... ٣٦٣
وەسیەت‌نامەی هەژار ........... ٣٦٥

خزمەتکاری تریستات و کۆمپەرادۆرانە». خوای تۆ ئەیزانێ ئێستاش نازانم تریستات و کۆمپەرادۆر بە چی دەڵێن!

جاشەکانی ڕەمەکی و عەشیرەتی، بە بێ ئەوە تێبگەن چم گوتووە بەشوێن دیوانەکەدا ئەگەڕان و بەلایانەوە شتێکی سەیر و خۆش بوو. تەنانەت هێندێک لەو هەڵبەستانەی دژی ئەوانم گوتبوو کردبوویانە گۆرانی و گەڕی ڕەشبەڵەکیان پێ دەگێرا.

هێندێکی ڕەشخوێن و هەڵەش کە بە [illegible] چاوێکیان پێدا [illegible] بووسەلیقەتی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیان نەبوو، گوتیان: «هەژار هەردەمە لەسەر بارێکە و کەس نازانێ بڕوای بە چیە!».

بەلام [illegible] کوردانەی کە [illegible] تێکڕایی پەسەندیان کرد و لایان وابوو ئەرکی خۆم وەک پێشمەرگەیەک بەڕاشکاوی بەجێ هێناوە. [illegible] زۆر لە [illegible] گرانە زۆرتر بوون و زۆر بە دڵگەرمی پێشوازییان لێکرد. تەنانەت لە هێندێ مەڵبەندەکانی کوردستاندا وای برەو پەیداکرد کە لە بازاڕی ڕەشدا نرخی تا بایی دە دیناری عێراقی هەڵچوو. زۆریشی نامەی [illegible] و پەسەندم لە هەموو لایەکەوە بۆ هات و دڵخۆشیان کردم و [illegible] بۆ بەرزکردنەوە. جا [illegible] من لام وایە ئەوی هەقی بووبێ [illegible] مامۆستا [illegible] چونکە ئەوان دەیانەوێ [illegible] بە بێدەنگی [illegible] و کەس [illegible] دیوانی من لە کوردستاندا [illegible] لەبیرەوە زۆر گرانی بۆ تەواو دەبێ [illegible]

ئەو برا کوردانەی گوتیان هەژار شیۆعیە و ئەوانەی فەرموویان کۆنەپەرستە و [illegible] لایان وا بوو لەسەر هیچ [illegible] گوێیان [illegible] هەڵوێستی دوایی [illegible] و [illegible] کوردستانی لای من لە [illegible] هەموو شتێکە [illegible]:

پاشگەز نەبووم و [illegible]

عاشقی کوردستانم [illegible] گیلەی [illegible] تێ [illegible] ئیمشێ وجۆرەو

[illegible] بەڵام [illegible] کوردستان [illegible] هێندێک شیۆعی عێراقی و

پاش هەرای شەهریوەری بیست، تا ماوەیەک ئازادی قەڵەم لە باو بوو. لاوەکوردێکی سنەیی بە ناوی دوکتۆر سمایلی ئەردەڵان، بۆ خزمەت بە هاوخوێنانی حەوتەنامەیەکی فارسی ـ کە ناوی نابوو «کوهستان» ـ لە تاران بڵاوکردەوە؛ زۆری بەهرە بە کوردگەیاند. کوردی ئاوەکی و لاوەکی و خۆماڵی لێکتر بێ ئاگای پێکەوەکردە ئاشنا. هەتا توانی دەنگی کوردی بەشخوراوی بە خوێنەرەوان ڕاگەیاند. جاروبارێکیش ـ بەخشکە ـ هۆنراوەی بەزمانی کوردی تێ داخنی. کە دیکتاتوری شای پاشین دەسپێکرا، ئەو دەنگی کوردەش داخرا. من کە زۆر خۆشم گەرەک بوو، چەند وتارێکم بۆ هەنارد و چاپی کردن. هۆنراوەیەکم کە بە کوردی بۆ نووسیبوو، باسم بە چاکە کردبوو؟ لە ژمارێکیدا خۆی گونجاند؛ کە ئەمە بوو:

بۆکان، ١٣٢٣ (١٩٤٤)

## کوهستان

نـــامەی کـوهستان ئـەو ئـەستێرەی تـۆ ‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌ ورشـەی پـرشینگت دای لە هـەرد و بـۆ
شــــەوەزەنگی کـــورد، دەرد و نـــەهاتی ‌‌ ئــەستێرەی بــەختی! تــێیدا هــەڵاتی
تــۆ ئــەو ئـەستێرەی پـیاو لێت بـڕوانێ ‌‌ چــەتە و پــێوەدەر بــە پـیاو نــازانــێ
تۆ ئـەو ئـەستێرەی هـەڵدێ بـە پـارشەو
مــوژدەی ڕۆژ دەدەی ڕاپــەڕین لەخــەو

***

پـــەڕت وەک پــەڕی پــیرۆزە پــیرۆز ‌‌ داژدار و چــاوسوور لەنــاو گــەل و هــۆز
ســـێبەری بـــاڵت لە هــەرکەس بــدا ‌‌ وازی لەچــــی بــــێ، بــەئاوات دەگــا
سیمرغی کـوردی ، تـۆ بـە هـۆی شـاباڵ ‌‌ بــێ بــابان دەکــەی لەسـەر زاڵان زاڵ
بـــازی بــەودمی بــۆ کــوردی هــەژار
کــوندی بـۆ دەزگـای خـوێنخۆر و زۆردار

***

کـــوێستانی خــێڵی بــێ ئــەنواکــانی ‌‌ بــۆ تــینووی کــوردان، کــانی بـۆکـانی
زســـتان کــە ڕۆیــی خــێڵی کـوردستان ‌‌ شوێنیانە دەبزوون ڕوو بە ڕووی کوێستان

## پووشپەڕ

یاخودا هەرکەسێ کوردی خۆش نەوێ — وەک پووشی پووشپەڕ بە ڕوودا کەوێ
بە داسی مەردی پاڵەی کوردستان — بێدەن لە تایە بۆ ساردی زستان

## گەلاوێژ

گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ — دەرکەوت، چابوو تۆ نەبووی ڕەنجەڕۆ
ئێرخی ئەم مانگە پارەی گیانە — جێژنی سەرساڵی کۆمەڵی ژیانە

## خەرمانان

وا ڕەنجی ساڵێت هاتۆتە بەرهەم — ڕۆژی ماو زۆرن، نەبی کەترە خەم
ئەمساڵ تۆ نەکەی بۆ ساڵی دوایی — مانگی خەرمانان دەکەی گەدایی

## ڕەزبەر

ڕەزمان هاتە بەر، لەخەم بنووین ڕزگار — ڕەزبەر بە خێر بێ بۆ کوردی هەژار
پڕبوو لە میوە ئەم دەر و دەشتە — ڕاستی کوردستان وێنەی بەهەشتە

## خەزەڵوەر

دوژمنتمان بمرن بە دەرد و بەلا — وەک بنە خەزەڵوەر دادەڕژێ گەلا
ئاوردوو داخە کوردە زستان دێ — بەفر بەڕێوە بۆ کوردستان دێ

## سێخوار

سێخوار خۆی نواند لە بەر پەشاران — سەرما هات، دڕا بەرگی هەژاران
نا نا، تۆ مانگی دڵخۆشی و شادی — تێیدا هەڵکرا ئاڵای ئازادی

## بەفرانبار

وا بەفرانباری ڕووگرژ و تاڵە      کوردە گیان! وەختی خزانە ماڵە
هاوین پێدا کەن ئەمڕۆ بپۆشە      پیاو بە تێروو بێ، زستانیش خۆشە

## ڕێبەندان

ڕێبەندان! گەرچی ڕێگەبەندانی      گوڵێنەی چاوی گەلی کوردانی
لەنێو مانگاندا جوان و ڕووسووری      لە تۆدا کرا جێژنی جومهووری

## ڕەشەمە

ڕەشەمە، نامەی بەهاری هێنا      کۆچی بەخێڵی سەرمایە لێنا
ڕنووی ڕووخاندن تۆپخانەی شەماڵ      کوردە! دڵخۆش بە نەما ژینی تاڵ

***

## سروود بۆ پێشمەرگە

مەهاباد، ١٣٢٤ (١٩٤٥) شەمیی

ئەمە پۆلی لاوان و گەنجی وڵات      بە قەلبێکی پڕهێز و عەزم و سبات
بە ڕووحێکی خاوێن، بە ئیمانی چاک      بە قورئانی پیرۆز، بە یەزدانی پاک
بە ناموس و دین سوێند دەخۆین گشتمان      کە تەخسیرێ ناکەین لەڕێی نیشتمان
بە یاری خودا تاکوو ئاخر نەفەس      دەکۆشین و ئەم خاکە نادەین بەکەس

***

کوڕی کوردی کوردین، نەبەرد و نەبەز      لەشەڕ مەست و سەرخۆش و نابین وەڕەز
هەموو بەچکەمان ئاسنین و قەوی      لەبەر هەیبەتی مە دەلەرزێ زەوی
هەموو بێچوە شێرانی شێر هەڵدڕین      وەکوو بەبری ئازا و پڵنگی دڕین

ئــەجەل وا لە لوولەی تــــفەنگی مــــەدا		ڕەهـــا نــابێ دوژمــن لە چــەنگی مــەدا

***

هــەموو دەســتمان داوەتــە دەستی یــەک		بــە قــەول و بــەڕۆح و بــەماڵ و بەچەک

هــەتا مــاوە قــەترێکی خــوێنی بــەدەن		دەبــێ بــڕژێ بــۆ ڕێــی نــەجاتی وەتــەن

بکـوژرێین لەڕێـی حـیفزی نـامووس و دیـن		گــەلێ خــۆشترە نــەک بــە دیــلی بـژین

هەموو سەر لەسەر نیشتمان بەخت ئەکـەین		هەموو ڕێیەکی سەختمان تـەخت ئـەکـەین

*

بـــــژی کـــــوردەواری لە ئــــازادیـــا		بـــــژین لاوەکــــــانی لە دڵشــــادیا

***

## سروودێک

کوردستانی نیشتمانم! ڕووگـە و هـەوێنی ژیـانم!

بەدیمەن و خۆشەویستیت ڕاهـاتوون چـاووزمانم

تۆ بەهەشتی سەرزەمینی، جوانی بێوێنەی جـیهانی

پڕ لە نەوت و زێڕ و زێوی، پڕ لە پیت و دەغڵ و دانـی

داگیری کردووی بێگانە، بۆ کـوندەبوو بـوویە لانـە

دژ مەبە! دەبووژێیەوە، بەرتەسک و تەنگە تەنگانە

سەر بەخۆ بوونت نزیکە، ڕۆڵـەی ئـازات پـێگەیشتوون

دەمی خەنجەر تیژ کراون، بۆ تۆڵەت دەس لەسەر مشتوون

کـیژ ولاوی ئـازادیـخواز، شـێری تـەلار لەلان دەرچـوون

چاری داگیرکەرانی کورد، یان گیان دەرچوونە یان دەرچوون

کوردوکوردستان پەرستم، سوێند بەو ڕووگەی خۆشەویستم

تــا دوژمــن لە خـاکمدا بـێ، نـابێ لە خـەبات بـوەستم

***

چاوت هەواڵـی بـەختی مـنە ڕۆژ و شـەو بـەخەو
نــازت مــیسالی دەردی مــنە دەم بـەدەم گـران

ئەگریجەکـەت کـە دێـتە نـەزەر ڕووتـی گـرتووە
دڵ ژان دەکات و دێـتەوە بـیر وەزعـی نـیشتمان

بەم کیژییەش دەزانی کە هاوخوێنی خـۆت نـەبێ
نابێ بەیاری بگری، «هـەژار» بـەسیەتی ئـەمان

***

۱۳۲۵ شەمسی (۱۹٤٦) لە فارسیەوە

## خێوی گوڵ و وەنەوشە

خێوی گوڵ دوێـنێ لە سـووچی چـەمەن
کەوتە مەڵبەندی سـوێسنە و یـاسەمەن

گــوڵی دیــن لەنــاو ســەوزەی بــەهارا
هــەمووی وەک پـەری لە لەنـجە و لارا

وەنــەوشە لەگشت جـوانـتر و چـەلەنگ
بەڵام لە شەرمان سـەرنەوی و دڵـتەنگ

پــێیگوت: ئــەی نــووری گــڵێنەکــانم
ئــــارەزووت چــــیە؟ بــــڵێ، بـزانــم

بــە دڵـخوازی خـۆت دەتـدەمێ داخـواز
کـە تـۆ وا جـوانـی و وا بـە غـەمزە و نـاز

گـــوتی: بــمدەیە ســەوزە و شــینایی
ون بــم لەبــەر چــاو ئــەهلی ئــاوایـی

نــەوەک گــوڵبژێر بــێ بــەکـن مــندا
هــــــەڵمپسێنێ لە بـــــێخ و بـــــندا

نـابینێ مـەست و خـەواڵـووی غـەفڵەت
نە ئـەمن و جـوانـی نـە ئـەتۆ و سـنعەت

***

لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، منیش دەربەدەر بووم بە شارانەوە؛ تاسا بووم و وەکووکەو لە فڕە چووبووم. نان پەیداکردن بۆ من زۆر دژوار بوو؛ ئەبوایە شەو و ڕۆژ بچەوسێمەوە لە ڕێی بژیوێکی نەمر و نەژیدا. سەرباری دەربەدەری و هەژاریشم دوچاری لەش بەبارییەکی زۆر گران و حەستەم بووم. جا لەبەر هەڵوەدایی بەشوێن نان و لان و دەرمانا، زۆر کەم پەرژاومەتە سەر نووسین و بیرکردنەوە. ئەوانەش کە نووسیومن یان لە نەخۆشخانە یان کاتی وا بووە کە دەستم لە هیچ ئیش و کارێک بەند نەبووە.

## قازیاوێ[1]

چـۆمی قـازیاوێ لە خـێڵی خـالاّن شـڵەژانـدوومی دەگـەڵ مـندالاّن
خانووە ڕەملّینە لەلام خۆش بوو بەلاّم لێم دەڕووخایەوە، ئـێستەش هـەروام

## پردی سوور[2]

پـردی سـوور! ئـاخۆ لە بـیرت مـاوم بـــــە نـــــەمامی لە دەراوت ڕواوم
سەردەمێک ڕێڕەوی دڵـداران بـووی سەر لە ئێوارە مەکۆی یـاران بـووی
هەینوان جەژنە بـوو دەوروبـەری تـۆ بەزمو خۆشی بوو لە سایەی سەری تۆ
بـەند و بـەستێ هـەیە بـتبزوێنێ[3] بشکێ ئـەو دەسـتە دڵت دەشکـێنێ

***

## ئەوبەری گرد

گـرە بـەردێ هـەیە لەوبـەر گـردە ڕوو بـە کـوردایـەتی بـۆ مـن پـردە
دوور لە چـاوی چـەتە، کـوردیم دێـنا لێـرە دەمـخوێندەوە خـۆم ڕاهـێنا

***

١ـ **قازیاوێ**: گوندێکە نزیک سابلاّغ؛ هەژار زۆر منداڵ بووە لە هەواری ماڵە خالاّنی ـ کە لەسەر چەمی ئەو گوندە هەڵیانداوە ـ ماوەیەک رایبواردووە.

٢ـ **پردی سوور**: پردێکی لای مەهابادە.

٣ـ **بەند و بەست**: گزییە و سەددیشە.

## یادی جوانه مەرگێک

«پـیر مـحەممەد»[1] تـەڕە تـیراویـی دڵ
گــیانە پــڕسۆیە بــرینی دەرکــا
جــوانــەمەرگێ هــەیە لەو داوێــنە
جـەرگی تـۆ و بـەرگی ژیـانی مـن بـوو
بــەر لە ڕۆژانــێ ئـەوم پـێ نـاسی
دەس لە دڵ تـەنگتر و نـاز شێواو بـووم
گـیان لە خـوێڵێنی گـومانا وێـڵ بـوو
داوی ئــاوات و هــومێدان بــاریک
لە پـڕێ پـەریەکـی نـازدار و شـەپاڵ
بـوو بـە دەستگرتەم و شـایی شـاندام
ڕابــەرم بـوو لە ڕچـەی دڵ پـتەوی
کـیژی تـۆ بـوو بـە فـریشتەی بـەختم
تــای ژیــانی لە ژیــانم هــاڵاند
شــەوچرایـەک بـوو لە ڕۆژی ڕەشـما
گێژەڵووکەی ڕەشـەبای مـەرگی نـەکـاو
هـەڵوەری سـووره گـوڵی بـولبولی دڵ
تــازە پــەروانــە دەسـووتا بـاڵی
یار لەگەڵ بـەختی هـەژار ڕێک کـەوتن

تـۆز و هـەتوانـی دەست خـوێنە و گـڵ
گــەشە خـوێناوێ لە چـاوم سـەرکا
خـاکـی نـمدارکـەمەوە بـەو خـوێنە
گــەوهەری نـەرم و نـیانی مـن بـوو
سـەر لە سووڕابـوو بـە گـێژی و کـاسی
زۆر لە دامــاوی پــتر دامــاو بـووم
بـواری بـەرباری بـە دیـمەن لێـڵ بـوو
تـەم تـەنیبووی سـەروبەر چـاو تـاریک
ئـاسکێ نـاسکی شـیرین خـەت و خـاڵ
ڕووبــەڕووی بــاغی ژیـانی هـاندام
وره بــەربوونی نـەبوو، بـبووه کـەوی
تەختی کرد کـەند و کـڵۆی ڕای سـەختم
تــا ئــەوم بـوو لە ژیـان نـەمناڵاند
بــەختی بـێدار بـوو لەنـاو بـاوەشما
گشـتەکـەی کـردەوە یـەکباد و خـاو
شـینی بـۆ مـاوە لە جـێی چۆڵی چـڵ
بـای نـەهات شـەوقی شـەماڵی مـاڵی
دوور لە مـن چـوون و لە خـاکـا خـەوتن

---

١ـ **پیر محەممەد** چاکێکە لە گوندی بوغدەداغی لە موکریان؛ نەخۆشی تیراوێدار دەچنە سەری، مریشک سەر دەبڕن و خوێنەکەی دەگەڵ گڵی ئەو چاکە لێک دەدەن و دەیکەنە شەڵتەی برینیان. هەژار ژنێکی لە نەتەوەی ئەو پیر محەممەدە هێناوە و بە جوانی جوانەمەرگ بووە و لە دامێنی پیر محەممەد نێژراوە.

دوژمنی ناکەس بەر بۆمبای داون
پـ گەرەکتە بێژی بەعسی ناکەسن؟!
بـ بەعسی چی پیرۆت! جاشک تەرەسن
بەعسی دوژمنە و کوردستانخۆرە
پـ ئاخر مام باپیر! جاش کوڕی کەرە
نەخوێندەوارە بە خۆی نازانێ
بـ پیرۆت تۆ لە کوێی؟ کوردی خوێندەوار
بلە ناناسی ئەو مەحامیەکە؟
پـ چۆنی ناناسم! مامۆستای خۆم بوو
بـ بەڵێ مامۆستا دەس بەخەنەکە
ئێستە بۆ پارەو بۆ کوێخایەتی
ئێژێ ئاتۆمم دژی گەلی خۆم
جاش مامۆستایە و مامۆستای جاشە
عابای نامەردی لەسەرشانیەتی
جاشکی ئەو لە پێش ڕیزی دوژمندا
مناڵی ساواو ژن ئەسووتێنێ
فڕۆکە گوندم بەر بۆمبا ئەدا
ڕۆژنامەکەی ئەو دوژمن تاو ئەکا
داویەتە هاری ئەگرێ بەلەکمان
پـ یاخوا کوێری کات نان و نمەکمان
بە نانی کوردان گەورە کراوە
لەسەر شانی کورد کرا بە حاکم
بە کورد کوردێنە چاوی منی بەست

گوند و مەزرامان گەلێک سووتاون

گەر کورد بۆی بکا داخ و ناسۆرە
لە حاڵی دنیا زۆر بێخەبەرە
کوێری بێ گۆچان پێ لە کوێ دانێ؟
خوێناو هەڵێنن! لێمان بوون بە مار
مل باریکەکە؟ مامرە شامیەکە؟
بەلای خۆی بۆ کورد بۆمبای ئاتۆم بوو
لە پێشا بۆ کورد زۆرناژەنەکە
وازی هێناوە لە کوردایەتی
لەگەڵ دوژمنا کوردستان ئەخۆم
کەری بەرباری بەکر و عەمماشە
دوژمن بە کورد و کوردستانیەتی
بە سەولەی عارەب دێ بە گژ مندا
لەجێی کشتوکاڵ مردن دەچێنێ
جاشکی مامۆستا دەرسی دا ئەدا
خۆیشی تازیە و بۆ سەگ ڕاو ئەکا

بە پارەی ئێمە پێی خوێندراوە
بۆ دەس بڕینم خۆی کردە کاکم
تا لە سایەی من پلەی کەوتە دەست

ڕواڵــــەت‌بینە هــەرکەس لەم جـیهانەس هـــــــەزاران ڕیشـــــــوو داو و دانـــەس

***

## دەبوو بیزانیبا

دەڵــــێن جـــاریٚ لە گـــوندیٚ ڕێــبواریٚ بـــــبوو مـــــیوان لە مـــاڵی جـــووتیاریٚ
شەویٚ شێو شۆربە ماشی شۆر و شل بوو کــــەبانووی مـاڵ هــەڵیلووشی تــەغاریٚ
کــە هــەڵسا دەفـر و ئـامانان وەکـۆکـا جـرێک هـات هـەر وەکـوو داتـاشی داریٚ
دەڵـــــێن مـــیوان دەواری خـــانەخوێیە وەکـــوو نـــەیبیستبیٚ خـۆی دا کـەناریٚ
شــەویٚ جـێیان لەبــەر دەرگـاوە چـاکرد کـــرا ڕێـــبازی نـــێو ژوور و حـــەساریٚ
کـــەبانوو نــــیوەشەو گـــوو تـاوی دابـوو هـــەڵات بـۆ دەر بـەباریٚ پـێی بـچاریٚ
نەگەییە جیٚ و لەسـەر مـیوان هـەڵی ڕشت وەکـوو گـامێش لەسـەر شینکەی بـەهاریٚ
وتـــی مـــیوان: کـــڵۆڵی هـۆشی خـۆمم چـما گـوێی ئـاو نـەدام زرمـەی پـلاریٚ
کە چـەغماغەی دەدا کـونگت سـەری شـەو دەبـــــوو بـــمزانـــیا بـــاران دەبـــاریٚ

***

## ڕەنج و گەنج

یەکیٚ پـیری جـووتێر نـەخۆش بـوو دەمـرد کـــــوڕ و کــــاڵی ئـــامۆژگاری دەکـــرد
زەوی وزاری خـۆتان لەدەس خـۆ مــەدەن نـەکـەن بـمرم و گـۆی بـە پـەندم نـەدەن
لە بــــــاوکم شـــــنەفتگمە لەم بـــارەدا کـــە گـــەنجیٚ هـــەیە لەم زەویــوزارەدا
بگـــەڕێن بـــە شـــوێنیا ئـەدۆزرێتەوە لە ڕووتـــان دەرووی شـــادی ئـــەکرێتەوە

***

لە پاش ئـەو لە لای کـوڕگەلی مـەرد و ڕەنـد بـە ئـاواتـی گـەنج ڕاوەشـا پـیل و زەنـد
بە بێڵ و بـە گـاسن، بـە تـەشویٚ و بـە پـاچ لەگش لایـــە دەبـــزووتەوە دەست و قـــاچ

# بەیتی سەرەمەڕ و لاسایی سەگ و مانگەشەو

نامیلکەیەکم لە شام چاپکرد بەناوی «بەیتی سەرەمەڕ و لاسایی سەگ و مانگەشەو»؛ دەگەڵ چاپخانەیەکدا ناردم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و لە موسڵ کەوتنە بەر چنگوڕکی شورتەی نوری سەعید و بە خرو پری لەناو بران؛ تەنیا چل نوسخەیەک ـ کە خۆم گلم دابوونەوە ـ لەو نامیلکە بڵاو بوونەوە. وام بە باش زانی بەیتی سەرەمەڕەکە دەگەڵ هێندێک لە بەرهەمەکانی ساڵانی بەر لە چل و هەشتیشا بۆ نموونەی هۆنراوەی ئەو سەردەمەم نیشانی خوێندەوارانی کوردی بدەم.

ئەوی شیاوی باسە، جیا لە «ئاڵەکۆک» ـ کە سۆڤیات لە تەوریز بۆیان چاپ کردم ـ نزیکەی دوو هەزار بەیتێکم بە چاپ نەکراوی لەو ناوەدا مایەوە و دەستم پێ ڕاناگەن و نازانم ماون یان سووتاون و لەناو براون. بە هومێدم ڕۆژێک دەست کەونەوە و ڕووناکی ببینن.

## بەیتی سەرەمەڕ

ساڵی ١٩٤٨، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕۆژنامەیێکی عەرەبیدا لە ژێر دروشمی «کۆشکی بلوورین»دا چیرۆکێکی کورتی ڕەمزیم خوێندەوە کە لە بوێژی تورک «سەباحەددین عەلی» وەرگیراوە. چیرۆک نزیکەی نیو ڕووپەڕی ڕۆژنامەی گرتبوو. هەرچەندە زۆر لە پەردەدا بوو، زۆر بەنهێنی پیاوی تێدەگەیاند کە مەبەستی چیە، بەلام دیسان زۆرکاری کردە سەر مێشک و دڵم. پوختەی چیرۆکم هەر لە دڵدابوو تا هێنامیە سەر ئەو بیرەکە ئاوا پان و پۆری کەمەوە و هەرچەندی کێشی دێت ڕایکێشم و چی لە دڵمدایە بۆی بکەمە نێوئاخن. ئەگەرچی بەشی زۆری من لە خۆمەوە پەڕوپۆم لێناوە و پەڕم تێدا هەڵاویشتووە، بەلام هەر لەسەرمە زۆر سوپاسی گیانی پاکی ئەو بوێژە بەرزەی تورک بکەم کە بناغەکە ئەو دایڕشتووە.

بۆتە دابێکی تازە هەرکەس شتێک دەنووسێ، دەیکاتە دیاری بۆ کەسێک؛ منیش ئەم سەرەمەڕەی خۆم پێشکەش بەوکەسە دەکەم کە هەمووی دەخوێنێتەوە و خەڵکیشی لێ تێدەگەیەنێ.

سووریا، دەمشق، ١٩٥٧/١/٢٣

# بەشی سێهەم

## گەپ و گاڵتە

### کاوێژی لە مێژینەیەک

ئەوسا کە خوردە پایەکی بێمایە بووم لە تەرەغە و پاشان لە بۆکانی دەژیام، لە سایەی ماڵە ئێلخانی و بە تایبەتی کورانی حاجی بایزاغا، لە زۆردارانی لاوازخۆر پارێزرابووم. دەگەڵ ئەحمەداغا و قۆج بەگ، مەراقی قسەی قۆڕمان بوو؛ دەمەلاسکەی سەعدی و حافز و مافزم دەکردەوە ـ کە ئێستا لە بیرچوونەوە ـ دوو ڕەمەزاننامە نەبێ، کە ئەو سەردەمە گوتوومە و بردوومە بۆ ئەحمەداغا:

### ڕەمەزان‌نامە (١)

بۆکان، ڕەمەزانی ١٣٢٢ (١٩٤٣)

شابان بۆ سەفەر گرتی تەدارەک — لێم وەژوور کەوت مانگی مبارەک
هەستام لەبەری، گەلێ بە قەدر — بەخێرم هێنا و بردمە لای سەدر
بەرتیلی دەرد و بێگاری دوایی — کەبابم بۆ کرد، بۆم لێنا چایی
وێستام ڕوو بەڕوو تا ڕۆژ دەس نەزەر — شەوگار کە ڕابرد، نزیک بوو سەحەر
عەرزم کرد: چۆنە لێرەت دەبینم؟ — خۆ نەتهێناوە مایەی لەرزینم؟
فەرمووی: نایەوێ ببی بێ سەحەت — زۆر لە مێژە هەی ئاسوودە و ڕەحەت

من یازده مانگە نامبینی لە ماڵ    چوومە دروێنەی پەڵەگەنمی ساڵ
نەجاتم داوە دروێنە و کێشە    بڕیومە دەمبێن بنتا لە مێشە
کارم تەواوە، گێڕەیە وادەی    فەورەن تێگەییم چیە ئیرادەی
قوشقی بووم، دڵم واقی بردەوە    ڕێی هەڵاتنم تاقی کردەوە
هەستا بە گورجی، زانی بە سڵ بوون    لای دەرکی بڕی، گیرام خڕمچوون

***

پشتی خوراندم، فیتەی بۆ لێدام    چەڵەمەی ڕۆژووی لە مل گرێدام
بە «نەیخۆی باشە»، بە «خێرە خێرە»    توند دەمی بەستم وەک پانێر گێرە
بیست و نۆ تایە کڵۆشێکی خاو    بە منی گێرەکرد ئەو مانگە تەواو
لەپاش وردەکوت کە زانی مردم    گوریسی کێشا و بەرهەڵدای کردم
فەرمووی: «سبەینێ با بەرهەڵدابی    شەش ڕۆژی دیکەش دەبێ تێدابی»
مۆزم کرد زانیم کە گێرە ماوە    تا نێو «قەرەگوێز» ئاوڕم نەداوە
دەستم دامێنت ئێلخانیزادە    تکام بۆ نەکەی قەت بەرم نادا!
سەد سۆفی هەیە پشت پان، مل فیلە    بەوان گێرەکا پەڕش و دێمیلە
ڕاوەستێ کە گوتی: «هەر دەیهێنمەوە»    هێندێک ڕیخۆڵان بخووسێنمەوە

***

جێژنان عادەتە لە نێو ڕەعایا    دەبەن بۆ ئاغا توحفە و هەدایا
لایقی حوزوەر دیاری جوان و شیک    نەمبوو بە غەیرەز دوعاو و تەبریک
عەرزی تەبریکم لەو عیدەت هەیە    شاییم بەو ڕۆژە سەعیدەت هەیە
یا خودا تا حەرشە لەسەر شان و پیل    تا تێی دەتووڕێ نەفخی ئیسرافیل
تا لولە دەکرێ سەمای سەبزپووش    تا دەبن کێوان وەک عیهنی مەنفووش
دایم جەژنت بێ و جەژنت پیرۆز بێ    بەهاری ژینت جەژنی نەورۆز بێ

***

## ڕەمەزان نامەی (٢)

بۆکان، ڕەمەزانی ١٣٢٣ (١٩٤٤)

خێڵەکەی شەعبان هەر کۆچی لێنا  
مانگی ممبارەک تەشریفی هێنا

داسی زەردی کرد بە پێش قەراوڵ  
خورپەی هات خەڵک لەجەرگ و لە دڵ

هەموو تێگەیین لە فیک و هۆیان  
دوعای مەحفووزیان دەخوێند لە خۆیان

هیچ نەگەڕاوە بە پاڕانەوە  
تەشریفی هێنا ناو بۆکانەوە

بەو دەنگی ناخۆش «عەبە»ی گزیری  
قاوی کرد شەوێ بە بێ خۆگیری*

دەس دەنە داس و وەرنە هەرەوەز  
حوکمی حاکمە و خۆ مەکەن ناحەز

هەمووی دەستی کرد بە بۆڵە و پرتە  
لە هەموو قوڵێک پەیدا بوو سرتە

لێکڕا هەڵاتن، ما هەمە باهەم  
هەزار و ڕۆژوو وەک بەنگین و مەم

شەوی هەر مابوو چوومە سەرکارێ  
بێ ئاواڵ درووم هەتا ئێوارێ

نە چا، نە سیغار، نە نان، نە ئاوێک  
نە بن سێبەرێک، نە خەوتن تاوێک

هەتا تاریکان نەمابوو حاڵێ  
بە سەد کلکەلەق گەیمەوە ماڵێ

تەمام بوو هەڵیم، لە پڕێکی ڕۆژوو  
دیسان وەک دۆڵپا سواری شانم بوو

بە «خەیرون لەکوم» ئیقناعی کردم  
پێی بۆ پێوەندی نیەتێ بردم

دەمی دادرووم بە «خەیتی ئەبیەڵ»  
«سوممە ئەتیموو»ی لێ کردمە مەتەڵ**

بەری شێست باقە، ڕۆژێ شازدەبەر  
هەتا ئێوارێ پێی دەبردمە سەر

جێی سی تەغاری پێ دروومەوە  
هێزم لێ بڕا، مەحوو بوومەوە

بەزەی پێمداهات، فەرمووی جارێ بەس  
سبەی مۆڵەتە بڕۆ، مەرەخەس

---

* بانگدەر ناوی مەلا عەبدوڵڵا بوو. دیارە مەلاش گزیری ڕەمەزان بەگە.

** **خیط**: هەودا، **ابیض**: سپی. ئەوسا منیش ـ وەک مەلای کورد ـ خوشکی صاد(ض)م بە لامی قەڵەو دەزانی و دەگەڵ مەتەڵ خستومنە تای تەرازوویێک؛ لێم ببوورن.

